# مۆرینهۆ.. لە لەندەنەوە بۆ میلان

## مۆرینهۆ کێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت؟



مۆرینهۆ پاش کۆبونەوەی لەگەڵ مۆراتی سەرۆکی ئینتەر



مۆراتیو مانسینی لەکاتی سەردانی پاپای ڤاتیکاندا AFP

■ **ئا: چێنەر عەبدولقادر**

هەفتــەی رابــردوو وەکو چاوەڕوان دەکرا، گۆڕانکاری گــەورە لە یانەی ئینتەرمیلاندا رویدا، ئەم گۆڕانکاریانە بەجۆرێک بوون، کە لــە ماوەی ئەو هەفتەیەدا هەموو رۆژێک یانەی ئینتەر مانشێتی هەموو رۆژنامە ئیتاڵیەکانو هەندێک لــە رۆژنامــە ئەوروپیەکان بوو.

**ســەرەتای روداوەکانــی:** پــاش ئــەوەی لەقۆناغــی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکاندا، یانەی ئینتەر بەرامبەر لیڤەرپــوڵ دۆڕاو ماڵئاوایــی کــرد، مانچینــی راهێنەری یانەکە دەســتی لەکار کێشــایەوە. پــاش رۆژێک لەم روداوە، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی یانەکە کۆبووەوە، راهێنەر لەم دەست لەکارکێشانەوەیە پەشیمان بوەوە.

مانچینی لەســەر کارەکەی مایەوە تاکۆتایی ئەم وەرزە، یەکشــەممەی رابــردوو بە دوا یــاری جامی ئیتاڵیا کۆتایی بەیاریەکانی یانەکە هات. دوای تەواو بوونی ئەم یاری هەموو رۆژنامە ئیتاڵیەکان باســیان لــەوە کرد کە مانچینی لەســەر کارەکەی لادەبرێتو مۆرینهۆ جێگەی دەگرێتەوە.

رۆژی سێ شەممە کۆبونەوەی نێوان مۆراتی ســەرۆکی یانەکــەو مانچینی راهێنەر ئەنجامدران، ئەم کۆبونەوەیە ٢٥ خولەکــی خایانــد. مانچینی بە دەمو چاوێکی تورەوە لە کۆبونەوەکە هاتە دەرەوەو هیچ لێدوانێکی نەدا بۆ رۆژنامە نوسان.

رۆژی دواتــر هەمــوو رۆژنامــە ئیتاڵیــەکان بڵاویان کــردەوە کەلەو کۆبونەوەیــەدا ســەرۆکی ئینتەر بە راهێنــەری راگەیاندووە کە لەســەر کارەکــەی لادەبرێت، ئــەم کارەش رۆبەرتۆ مانچینــی تورەکرد، چونکە پێش کۆتایی خولــی ئیتاڵی مۆراتی چەندین جار ئــەوەی راگەیاندووە کە مانچینی تا کۆتایی بۆندەکەی لە ٢٠١٢ دا لە ئینتەر میلان دەمێنێتەوە.

ســایتی یانەی ئینتەر رۆژی پێنج شــەممە بە فەرمی ئەوەی راگەیاند، کــە مانچینــی لەســەر کارەکــەی دوورخراوەتــەوە، بەهــۆی ئــەوەی پاش دۆڕاندنەکــەی لیڤەرپوڵ خۆی داوای وازهێنانی کردوە. بەم شێوەیە کۆتایی بە نێوانــی مانچینیو ئینتەر میلان هات.

لەیەکەم وتەیدا دوای لەســەر کار لابردنــی، مانچینــی وتی«ئینتــەر هێرشــی خراپی کردۆتە ســەر من، روداوی پێشــوی باســکردوە کــە کاریگەری هەیە بۆ کەسایەتی من». هەروەها مانچینی باســی لەوە کردوە کە لەرێگەی یاســاوە بەرەنگاری ئەم کارەی ئینتەر دەبێتەوە.

### کێشەی ئینتەرو رۆبەرتۆ مانچینی

ئێســتا هیچ شــتێک نیە رۆبەرتۆ مانچینــی بە ئینتــەرەوە گرێ بدات، تەنها کێشەی دارایی نەبێت، مانچینی بۆندی لەگەڵ ئینتەر هەیە تا ســاڵی ٢٠١٢، بەڵام ئێستا لەسەر کار لابراوە. بەپێی یاســا دەبێت یانــەی ئینتەر پارەی ئەو چوار ساڵەی کە ماوە بداتە مانچینی، ئەو برە پارەیە نزیکەی ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە، بەڵام سەرۆکی ئینتەر داوای کردوە کە مانچینی لەبەشێکی پارەکــەی خۆشــبێت، لەبەرامبەردا مانچینــی دەیەوێت بەیاســا هەموو پارەکە لە ئینتەر وەربگرێت.

### نازناوەکانی مانچینی بۆ ئینتەر میلان

خولی ئیتاڵــی ٣ نازنــاو(٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨) نازنــاوی یەکــەم بــە بڕیــاری دادگابــوو، دوای ئەوەی لە یۆڤانتۆس سەندرایەوە.

جامــی ئیتاڵیا ٢ نازنــاو (٢٠٠٥، ٢٠٠٦)

جامی ســوپەری ئیتاڵــی ٢ نازناو (٢٠٠٥، ٢٠٠٦)

### ئینتەر+ مۆرینهۆ = ئینتەرینۆ

هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن یانەی ئینتــەر پــاش دۆڕاندنەکەی لیڤەرپــوڵ بۆندی لەگــەڵ مۆرینهۆ بەشێوەیەکی نهێنی بەستووە، بەڵام ئینتەر ئەمە رەت دەکاتەوە.

هەمــوو لایــەک دڵنیــان مۆرینهۆ ئێستا بووەتە راهێنەری ئینتەر، بەڵام هــۆکاری دوا کەوتن تەنهــا ئەوەیە کە دەبێت ئینتەر کێشــەکانی لەگەڵ راهێنەری پێشوو (مانچینی) کۆتایی پێ بهێنێت.

### مۆرینهۆ کێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت؟

پڕوپاگەنــدەکان زۆر زۆرن هەموو رۆژنامە ئیتاڵیو ئینگلیزیو ئیسپانیو پورتوگالیەکان بــاس لەو یاریکەرانە دەکــەن کــە مۆرینهۆ لەگــەڵ خۆی دەیهێنێتــە ئینتەرەوە. چــاوەڕوان دەکرێ ســەرۆکی ئینتەر نزیکەی ٦٠ ملیۆن یۆرۆ ببەخشێتە راهێنەری نوێ بۆ کڕینی یاریکەران.

بۆ یەکەم جار رۆژنامە پورتوگالیەکان باسیان لەوەکرد کە راهێنەری پێشوی چێڵســی دەبێتە راهێنەری پاڵەوانی ئیتاڵیا.

هەر ئەم رۆژنامانەش پاشان باسیان لەوەکرد کــە یەکێک لە هەنگاوەکانی ئەم راهێنەرە نوێیــە کڕینی ریکاردۆ کوارێزمــای یاریکەری یانەی پۆرتۆیە بۆ ئینتەرمیلان.

رۆژنامەی زەسەنی ئینگلیزی باسی لەوەکــرد کە مۆرینهۆ دڵی چێڵســی دەشکێنێ چونکە (درۆگبا، لامپارد، کارڤالیۆ) دەباتــە یانەکەی. لامپارد ساڵێکو کارڤالیۆ دووســاڵیان بۆند ماوە لەگەڵ چێڵسی، ئەمەش وادەکات ئینتــەر بتوانێت بــە پارەیەکی کەم ئەم دوو یاریکەرەی دەست بکەوێت، هەروەهــا درۆگبا جەخت لەرۆشــتن دەکاتــەوە بۆیە چــاوەڕوان دەکرێت مۆرینهۆ داوای لێ بکات بێتە ئینتەر.

هەواڵەکان لەئیســپانیاش بەهەمان شــێوە گەرمە، رۆژنامەکان باســیان لەوەکرد یانەی بەرشە بەنیازە دەست بــەرداری ئیتۆو دیکــۆ بێت، هەربەم هۆیەوە ســەرۆکی ئینتەر ســەردانی ئیسپانیای کردوەو چاوی بە سەرۆکی بەرشــە کەوتوە، بەڵام یانەی بەرشە لەگەڵ فرۆشتنی ئەم دوو یاریکەرەدا چاوی لە کڕینی ئیبراهیمۆڤیچە.

---

# گواردیۆلا کێیە؟



گواردیۆلا لەساتی ئامادەبوونی یارییەکی بەرشەلۆنە لەوەرزی رابردووی خولی ئیسپانیدا AFP



خولی ئیسپانی بەرزدەکاتەوە

■ **ئا؛ دەشتی سالار**

پاش ئەوەی یانەی بەرشەلۆنە لە دوو ساڵی رابردوودا نەیتوانی هیچ نازناو و ئەنجامێکی باش بەدەســتبهێنێ و بە تایبەت لــەم وەرزەداو دۆڕانی لە خولی یانە پاڵەوانەکان و دۆڕاندنێکی قــورس بە یانــەی رکابــەری ڕیاڵ مەدرید، ئیدارەی یانەی بەرشــەلۆنە بــە شــێوەیەکی فەرمــی فرانــک ڕیکاردی هۆڵەندی راهێنەری یانەکەی دوورخستەوە، بە شێوەیەکی فەرمیش پیــپ گواردیــۆلای وەک راهێنەری یانەی کەتەلۆنی دەستنیشانکرد .

**پیــپ گواردیــۆلا:** ناوێــک کــە ســەردەمانێک لــە دڵــی هاندەرانی بەرشــە و رۆحــی یانەکــەو نهێنی ســەرکەوتنەکانی بەرشــە بوو، ئەو یاریکەرەی بە درێژایی مێژووی یانەکە زۆرترین دەستکەوت و پاڵەوانێتی بۆ بەرشــەلۆنە بەدەســتهێناوە کە ١٩ پاڵەوانێتییــە، باشــترین یاریکەر و کاپتنی یانەکە بووە بە بڕوای یۆهان کرۆیف، ١١ ســاڵ لەناو کامپ نو، ٧ ساڵ کاپتنی یانەی کەتەلۆنی، ژیانی ئەفســانەی بەرشــەلۆنە و ئیسپانیا گواردیۆلایە .

### پرۆفایلی تایبەت

ناو : جۆزیپ گواردیۆلا سالا .

ســاڵی لەدایکبــوون : ١٨ / ٢ / ١٩٧١

شوێن : سان پیدۆر — ئیسپانیا

ئــەو یانانەی یاری بــۆ کردوون : بەرشــەلۆنە - رۆما — بیریشــیا — ئەهلی قەتەری .

### سەرەتای دەرکەوتن

گواردیۆلا لە ١٨ / ٢ / ١٩٧١ هاتۆتە ژیانەوە لە ســان پیدرۆ کە نزیکەی کاتژمێــرو نیوێک لــە کەتەلۆنیاوە دوورە، لــە تەمەنــی نۆ ســاڵیەوە شــەیدایەکی سەرســەختی تۆپــی پێ بووەو لە یەکــەم یارییدا لەگەڵ تیپێک کە لەگەڵ هاوڕێکانی کردیان ١٠ بــە ٤ یارییەکەیــان بردەوە. لەم یارییەدا گواردیۆلا ٩ گۆڵی تۆمارکرد، پاشــان چووە تیپی منداڵانی یانەی خیمناســتیکاو دواتر لەساڵی ١٩٨٤ دا بەرشــەلۆنە چاوی خستەســەر، ئاســتی ساڵ بە ساڵ بەرەو پێشەوە دەچوو، توانی خۆی بگەیەنێتە تیپی دووەمی بەرشــە، لــە ٢٦٣ یاری بۆ تیپی دووەمی بەرشــە توانی ٦ گۆڵ تۆماربکات، لە ســاڵی ١٩٩٠ یۆهان کرۆیــف گواردیــۆلای هێنایە یانەی یەکەمی بەرشە لەگەڵ ئەستێرەکانی یانەکــە لاودروب، ستویشــکوف، رۆناڵدۆ، ریڤاڵدۆ، زوبیزاریتا، باکیرو، فیڤۆ، روماریف، ئامور، کویمان.

لەیەکەم یاریدا لە خولی ئیســپانی کە بەرامبەر یانەی قادیش بوو بەرشە بــە ٢ گۆڵی بێبەرامبــەر براوە بوو، گواردیۆلا ئاســتێکی هونەری جوانی پێشکەش کردوو بووە جێی سەرنجی ئیدارەی یانەی بەرشە و هاندەرانی.

### گواردیۆلا لەگەڵ یانەی رۆمای ئیتاڵی

گواردیۆلا لــە وەرزی ٢٠٠١ یانەی بەرشەلۆنەی بەجێهێشــتو رویکردە یانەی رۆمای ئیتاڵی لە ژێر دەســتی راهێنەر فابیۆ کاپیلۆ، لەســەرەتادا ئاســتێکی جوانی پێشــکەش کردو توانی جێی خۆی بکاتەوە لە پێکهاتەی ســەرەکی یانەکــە لەگــەڵ تۆتی و ئیمرسۆندا، پاشــان بەهۆی پێکانە بەردەوامەکانییــەوە لــە پێکهاتەی ســەرەکی نەمــاو بــووە یاریکەری یەدەگــی یانەی رۆمــا، گواردیۆلا لە ئاســتێکدا بوو کە بە دڵی ئیدارەی یانەی رۆما نەبوو وە جێی ســەرنجی یانەکــەو جەماوەرەکەی نەبوو، بۆیە کۆتایــی بە گرێبەســتەکەی هێنراو چووە یانەی بیریشیای ئیتاڵی.

### گواردیۆلا لەگەڵ رۆبەرتۆ باجیۆدا لە یانەی بریشیا

گواردیــۆلا لە ســاڵی ٢٠٠٢ یانەی رۆمــای بەجێهێشــت بــەرەو یانەی بریشــیای ئیتاڵی بەرێکــەوت لەوێ بووبــە هاوڕێــی رۆبەرتــۆ باجیۆی ئەفســانەی تۆپی پێی ئیتاڵی، پیپ گواریــۆلا لــەم یانەیــەش نەیتوانی ئاستێکی باش پێشکەش بکات بەهۆی پێکانە بەردەوامەکانی، پاش کۆتایی هاتنی ئەم وەرزە کە توانیان یانەکە بگەڕێننەوە خولی پلەیەکی ئیتاڵی، کۆتایی بە گرێبەستی گواردیۆلا هات و یانەکــەی بــەرە و یانــەی ئەهلی قەتەری بە جێهێشت .

### گواردیۆلا و خولی قەتەری

لــە ساڵی ٢٠٠٣ پیپ گواردیۆلا یانەی بریشــیای ئیتاڵی بە جێهێشت و چووە یانــەی ئەهــلی قەتەری، ئەم یانــە قەتەرییە دوا وێســتگەی ئــەم یاریکەرە ناودارە بــوو، کە لە دوادواکانــی تەمەنی یــاری کردنیدا پێکان وازی لێنەدەهێنا، لەگەڵ ئەم یانەیــەش بەهــۆی زۆری پێکانەوە ئەنجامێکی وای پێشکەش نەکرد کە جێی سەرنج بێت و وەرزێکی قورسی لەگەڵ ئەم یانەیە بەڕێکرد.

### گواردیۆلا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی

لــە ســاڵی ٢٠٠٣ دا گواردیۆلا بۆ یەکەمین جار درێســی هەڵبژاردەی ئیسپانیای پۆشی و لە یەکەم یاریدا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئایرلەندا ئاستێکی هونەری جوانی پێشکەش کردو توانی ٢ گۆڵ دروســتبکات، لەســەرەتای یاری کردنــی لەگــەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بە شــێوەیەکی سەرەکی لە زۆر یارییەکاندا بەشــداری دەکرد کە ببووە جێی بــڕوای هەڵبژاردەکە بە لێدانە جوانەکانــی، بەڵام پێکان بێبەشــی دەکات لــە جامی جیهانی ١٩٩٨ ی فەڕەنســاو هەڵبژاردەکەی توشی چەند دۆڕانێک هات بە تایبەت دۆڕانیان بە هەڵبــژاردەی نیجیریا ، ئــەم پێکانانەی پیپ گواردیۆلا بووە هۆی ئەوەی لە پێکهاتەی ســەرەکی هەڵبژاردەکــە دوورکەوێتەوەو ببێتە یاریکەرێکی یەدەگــی هەڵبژاردەکە، لە ساڵی ٢٠٠٠ چانسی بۆ هەڵکەوتو بەشداری یۆرۆی ٢٠٠٠ ی کردو توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بگەنە قۆناغی پێــش کۆتایــی جامی کیشــوەری ئەوروپــاو دواتر لەســەر دەســتی هەڵبژاردەی فەڕەنســا کە پاڵەوانی یۆرۆی ٢٠٠٠ بوو، توشــی شکســت هاتنو ماڵئاواییان لەو پاڵەوانێتیەش کرد.

### دەستکەوتەکانی ئەم یاریکەرە

- خولی ئیسپانی ٦ جار
- جامی ســوپەری ئیســپانی ٤ جار
- خولی یانە پاڵەوانەکان ١ جار
- جامی جامەکانی ئەوروپا ١ جار
- جامــی ســوپەری ئەوروپی ٢ جار